



**دکتۆر بێوار خەنسی***

ئەم وتارە تایبەت بۆ گوڵان نووسراوە

# پاراستنی سەرچاوەکانی وزە

## دیارترین نهێنییەکانی بایەخدانی ئەمریکایە بە کەنداو

گرینگیی دەوڵەتانی کەنداو بۆ ئەمریکا لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە دەست پێدەکات و نهێنی ئەم گرینگیدانەش بوونی سەرچاوەیەکی وزەی زۆرە لەم ناوچەیە و لێرەدا ئەم پرسە بە چەند خاڵێك ئاماژە پێدەکەم:

١. پارێزگاریکردن لە داهاتەکانی نەوت ئەویش بە بەهێزکردنی رۆڵی ئەو داهاتانە لە ناوچەکەدا، بەتایبەتیش دوای جەنگی دووەمی جیهانی، کە ئەمەش وای کرد ئەمریکا کۆمپانیاکانی بخاتەگەڕ بۆ کنەو گەڕان بە دوای نەوتدا، هەروەها هەوڵ بدات شوێن پێیەك وەك بەریتانیا لە ناوچەکەدا بۆ خۆی بدۆزێتەوە، ئەم رووتێکردنەی ئەمریکا بۆ کەنداو دوای جەنگی دووەمی جیهانی گرینگییەکی ستراتیژیی لێکەوتەوە، ئەویش لەبەر دوو هۆکاری گرینگ، یەکەمیان زێدەبوونی گرینگیی کەنداو، هەروەها حەز و ئاەزووی ئەمریکا بەوەی کە ئاساییش و سەقامگیریی ناوچەکە بپارێزێت، هاوکات زامنکردنی بەردەوامیی هەناردەی نەوت بۆ ئەمریکا و هێزە پیشەسازییەکانی دیکە، دووەمیشیان بە هۆی هەڵکشانی ئاستی شەڕی سارد لەو ماوەیەداو ترسی ئەمریکا لە رووسیا کە نەبادا هەوڵبدات بگاتە ناوچەی کەنداو و دەست بەسەر سامانی سروشتیی ئەو ناوچەیەدا بگرێت.

٢. گەشەسەندنی گۆڕانکاریی نەوت لە سیاسەتی جیهانیدا بەوشێوەیەی کە بە گرینگترین سەرچاوەی وزە دادەنرێت، قورساییەکی دیکە و سیمایەکی ستراتیژیی بە ناوچەی کەنداو بەخشی کە هەروا بە ئاسانی واز لە ناوچەی کەنداو نەهێندرێت، نەخاسمە دوای ئەوەی لە ساڵی **١٩٧٣**دا قەیرانی وزە توندتر بوو، کۆمپانیا بیانییەکانیش رۆڵی خۆیان لە سەرپەرشتی کردنی راستەوخۆی بەرهەمهێنانی نەوت لەدەست دا، لە ئەنجامی هەڵکشانی بزووتنەوە ئازادیخوازییە نیشتمانییەکان لە وڵاتانی بەرهەمهێنی نەوتدا، هەروەها لەئاکامی

**ئەمریکا دوای جەنگی دووەمی جیهانی هەوڵی دا کۆمپانیاکانی بخاتەگەڕ بۆ کنەو گەڕان بەدوای نەوتدا، هەروەها شوێن پێیەک وەک بەریتانیا لە ناوچەی کەنداو بۆخۆی بدۆزێتەوە**

**نەوتی کەنداو لای ئەمریکا ئامانجێکی ستراتیژییە کە بەردەوامیی توانای دەستکەوتنی داهات و نرخێکی ماقووڵ و بڕێکی وەهای بۆ دابین دەکات کە پێویستییەکانی ئەمریکا و دۆست و هاوپەیمانەکانی پڕبکاتەوە**

**ئەمریکا دوای ڕووداوەکانی ساڵی ٢٠٠٣ بە تەواوی لە ناوچەی کەنداو بۆ زامنکردنی کۆنترۆڵی تەواوی ئەم ناوچەیە دەستی بەسەر سەرچاوەکانی وزەدا گرت**

خۆماڵیکردنی پشکەکانی نەوت لە (کوێت، ئیماراتی عەرەبی، عێراق، قەتەر و ئێران)، هاوکات خۆماڵیکردنی کۆمپانیای ئارامکۆ لەلایەن سعودییەوە، لە کاتێکدا کە ئەمریکا زیاتر پشتی بە ئێران و سعودیە دەبەست بۆ دەستەبەرکردنی ئاسایش لە کەنداودا، هەروەها هەرەسهێنانی هاوپەیمانەکەی لە ئێران لە ساڵی ١٩٧٩دا، ئەمەش وایکرد کە ئەمریکا لەجیاتی ئێران چاو ببڕێتە عێراق تاکو لە ناوچەکەدا بەردەوام پشتگیریی لە هاوسەنگی بکات، نەوتیش ئەو کاتە پێویستییەکی گرینگی ئابووری بوو بۆ ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە ئەوروپا و ژاپۆن، بەم شێوەیە خێرا دەستیانکرد بە پێشکەشکردنی یارمەتیی ئابووری و سەربازی بە حکومەتەکانی حەوزی کەنداو، تاکو بەرپەرچی هەر دەستدرێژییەك بدرێتەوە کە لە ناوەوە، یان دەرەوە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە.

٣. پێشتر و ئێستاش پرەنسیبی دابینکردنی نەوتی کەنداو لای ئەمریکا ئامانجێکی ستراتیژییە و سێ دەستکەوتی بۆ دەستەبەردەکات (بەردەوامیی توانای دەستکەوتنی داهاتی نەوت، نرخێکی ماقووڵ، هەروەها بە بڕێکی وەها کە پێویستییە پەرەسەندووەکانی ئەمریکا و دۆست و هاوپەیمانەکانی پڕبکاتەوە)، لەبەر ئەوە ئەمریکا رایگەیاند کە ئامادەیە هێزی سەربازی لە حاڵەتی بوونی هەر ناکۆکییەك لەسەر نرخی نەوت بەکاربهێنێت، تەنانەت لە لێدانی خودی بەرهەمهێنەرانی نەوتیش ئەگەر هاتوو ئەو سیاسەتانەیان پەیڕەوکرد دەربارەی نرخ و بڕی نەوت کە دەبێتە هۆکارێك بۆ تەنگ پێ هەڵچنینی دەوڵەتانی پیشەسازیی ڕۆژئاواو لە سەروویانەوە ئەمریکا، لەپاڵ دانانی پلانێکی ئەمریکا بۆ داگیرکردنی بیرە نەوتییەکانی سعودیە لە حاڵەتێکدا ئەگەر شەڕێك هەڵبگیرسێت کە جارێکی دیکە مەترسیی عەرەبی بۆ سەر نەوت لێبکەوێتەوە (هەروەك لە ساڵی ١٩٧٣ رووی دا) کە بە هێدمەی دووەمی نەوت ناسراوە.

٤. لە ساڵی ١٩٧٩دا ڕژێمی شای ئێران ڕووخا و بەمەش یەکێك لە گرینگترین کۆڵەکەی ستراتیژیی ئەمریکا هەرەسی هێنا، واتە ئەو ستراتیژییەتەی کە لەسەر هەردوو بنکەی ئیسرائیل و ئێران دامەزرابوو، دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئێرانیش هەناردەکردنی نەوت بۆ ئیسرائیل ڕاگیرا و ڕێککەوتنی ئاڵوگۆڕیی بازرگانیش لەگەڵ ئەو وڵاتە هەڵوەشایەوە، لەپاڵ کەمکردنەوەی بەرهەمهێنانی نەوت دواتر بڕینی بە یەکجاری لە ڕۆژئاوا. ئەمە بێجگە لە هەڕەشەی ئێران بە داخستنی گەرووی ستراتیژیی هورمز بە ڕووی ڕێگەی دەریایی و ئاسمانی، ئەم ڕووداوانە بە تێکڕا بوونە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی نەوتی خاو لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٩ واتا لە ١٧ دۆلار بۆ ٤٣ دۆلار/ بۆ هەر بەرمیلێك نەوت، ئەمەش کاریگەریی ڕاستەوخۆی بۆ سەر ئابووریی جیهان هەبوو.

٥. لە سەردەمی کارتەر لە ساڵی ١٩٨٠دا ئەمریکا بە خێرایی ناوچەی کەنداوی خستە نێو سنووری ناوچە زیندەگییەکانی ئاسایشی ئەمریکاوە، مافی دەستتێوەردانی سەربازیشی پێدا ئەگەر هاتوو بەرژەوەندییەکانی خۆی لەو ناوچەیەدا کەوتە مەترسییەوە. بۆیە هێزی دەستتێوەردانی خێرای پێکهێنا تاکو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سێ ئەگەر کاربکات، (لەخۆگرتنی مەترسییە ئیقلیمییەکان، ڕووبەڕووبوونەوەی هەوڵەکانی ئێران بۆ داخستنی گەرووی هورمز، هەروەها بەرەنگاربوونەوەی شۆڕشەکانی ناوخۆ کە دەبنە مەترسی بۆ سەر ئەو ڕژێمانەی لایەنگریی ئەون لە یەکێك لە دەوڵەتانی کەنداو کە هەناردەکردنی نەوت بۆ دەرەوە پەك دەخات). دوای ڕووداوەکانی کەنداویش ئەمریکا پرەنسیبی پارێزگاریکردنی لە شەرعییەتی نێودەوڵەتی گرتەبەر، ئەوە بوو لە ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی کوێتدا هێزی سەربازی بەکارهێنا و دوای ئەوەش بە شێوەیەکی فراوان هێزی بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی سەدام لە ٢٠٠٣ بەکارهێنا لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییە گرینگەکانی و کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەکانی وزە و مسۆگەرکردنی ڕێگەکانی گەیاندنی نەوت بە دەوڵەتانی بەکاربەری ڕۆژئاوا.

٦. ئەمریکا دوای ڕووداوەکانی ساڵی ٢٠٠٣دا بە تەواوی لە ناوچەی کەنداو دەستی بەسەر سەرچاوەکانی وزەدا گرت، بۆ زامنکردنی کۆنترۆڵی تەواوی ئەم ناوچەیە کە چەقی قورسایی نەوتی جیهانە لە ڕووی یەدەگ و بەرهەمدا، چونکە ناوچەکە نزیکەی ٧١٥ ملیار بەرمیلی لە یەدەگی فەرمیی نەوتی تێدایە کە بریتییە لە ٦٢٪ی کۆی گشتیی جیهان و زیاتر لە توانای بەرهەمهێنانی جیهاندا، وێڕای ٤٠٪ی یەدەگی جیهان لە گازی سروشتی کە لە ناوچەی کەنداودا هەیە.

٧. ئەمریکا جەختی لە سەر دابینکردنی پێداویستییەکانی خۆی لە نەوت لە ناوچەی کەنداو کردەوە، بەشێوەیەك کە ٦٧٪ی سەرتاپای هاوردەکانی دەوڵەتانی پیشەسازیی ڕۆژئاوا لە کەنداوەوە هاوردە دەکرێن، هەروەها ٩٢٪ی سەرتاپای هاوردەکانی نەوتیی ژاپۆن و ٤٠٪ی هاوردەکانی نەوتی ئەمریکا هەر لە کەنداوەوەیە، لێرەدا گرینگێتیی پارێزگاری کردنی نەوتی هەناردەکراو لە کەنداومان بۆ دەردەکەوێت، ئەویش لە میانی زیادبوونی بەکاربردن و کاریگەریی بۆ سەر

دەوڵەتانی پیشەسازی (ئەمریکا و ئەوروپا و ژاپۆن)، هەروەها بێتوانایی ئەو دەوڵەتانە لە بەرهەمهێنان تاکو پێداویستیی خۆیان لە نەوت پڕبکەنەوە، لەکاتێکدا کە بەرهەمی نەوت لە زۆربەی دەوڵەتانی بەرهەمهێندا بێجگە لە دەوڵەتانی حەوزەی کەنداو پاشەکشەو کەم دەکات، ئەمە هاوکاتە لەگەڵ ئەو بەڵگانەی کە لە مەڵبەندی وزەی جیهانییەوە دەرچوون بەوەی کە لە ماوەی ٤٠-٥٠ ساڵی داهاتوو نەوت لە جیهاندا کۆتایی دێت، بۆیە ئەمریکا کاردەکات بۆ زامنکردنی ئاسایشی ئابووری و سەربازیی خۆی لە میانی ٥٠ ساڵی داهاتوودا کە پشت بە یەدەگی نەوتی کەنداو دەبەستێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە پاراستنی ڕەوانەکردنی نەوتی کەنداو بۆ ئەمریکا بە ئامانجێکی هەرە زیندوو و گرینگ دەژمێردرێت.

**٨.** دوابەدوای ڕووداوەکانی ٢٠٠١، ناوچەی کەنداو بوو بە مەڵبەندێکی جەرگەی ستراتیژییەتی ئەمریکی، ئەمەش مانای وایە کە سیاسەتمەدارانی ئەمریکا ئامادەن بۆ هەر جۆرە جەنگێك، لەوانە ململانێی ئەتۆمی لە پێناو ئەوەی کە ناوچەکە نەکەوێتە دەست نەیارەکانیەوە، چونکە ئەگەر نەیارەکان ناوچەی کەنداو کۆنتڕۆڵ بکەن، ئەوا هاوسەنگیی هێزە نێودەوڵەتییەکان بۆ بەرژەوەندیی نەیارەکان دەگۆڕێت بە حوکمی کێشی ستراتیژی و نەوتیی کەنداو، لەم سۆنگەیەوە شەڕی ئازادکردنی کوێت و شەڕی ڕژێمی سەدام هەڵگیرسا لە پێناو (گرتنی عێراق و دابینکردنی بەرژەوەندییە زیندووەکانی ئەمریکا لە کەنداو و زامنکردنی ئەوەی کە دەوڵەتان بچنە ژێر باری ئەمریکا).

**٩.** لەسەردەمی (کلنتۆن)دا ئەمریکا ئامانجەکانی دەوڵەتەکەی خۆی لە کەنداو ڕاگەیاند، کە لە ئێستا و لە داهاتوودا ئەم ئامانجانە نەوت و بەردەوامبوونی دەرهێنان و هەناردەکردنی بگرێتەوە، هەروەها قەدەغەکردنی سەرهەڵدانی هەر هێزێکی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی کە لەتوانایدا بێت هەڕەشە بکات، یان ڕکابەریی هەژموون و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە ناوچەی کەنداو بکات، ئەمریکاش لەسەردەمی (بۆش)دا جەختی لەسەر ستراتیژییەتێکی تازە کردەوە(بناغەکەی هێرشی خۆپارێزی و بوونی ڕاستەوخۆی سەربازی بێت) لە کەنداو بۆ بەرچەرچدانەوەی هەر هێزێکی فراوانخوازی کە هەوڵبدات کۆنتڕۆڵی نەوت بکات لە میانی (شەڕی دژ بە تیرۆر، لەناوبردنی دەوڵەتانی تەوەری شەڕانگێزی، هەروەها پشتگیریی سیاسەتی بنیادنانی سیستەمەکانی حوکمڕانیی دیموکراسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەرەتا لە عێراقەوە).

**١٠.** ئەو بایەخپێدانە چڕوپڕەی سەرکردایەتیی سیاسی و سەربازیی ئەمریکا بە ناوچەی کەنداو، سەلماندی کە ئەو ناوچەیە یەدەگێکی زۆری نەوت لەخۆدەگرێت، هەروەها بە گرینگترین و گەورەترین بنکەی سووتەمەنی و کەرەستەی وزە دەژمێردرێت بۆ ئابووریی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی و سەرتاپای ماشێنی سەربازیی ئەمریکا، نەوتی کەنداو دەدرێتە کەشتیگەلەکانی دەریایی و بنکە سەربازییەکان لە دەریای سپی ناوەڕاست و هەردوو زەریای هیندی و پاسفیکدا، هەروەها توندبوونی لە هەمبەردۆسێی ئەتۆمیی ئێران لەبەر ئەوەی ئەو وڵاتە هەڕەشەیە بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکەدا.

**ئەمریکا کاردەکات بۆ زامنکردنی ئاسایشی ئابووری و سەربازیی خۆی لە میانی ٥٠ ساڵی داهاتوودا کە پشت بە یەدەگی نەوتی کەنداو دەبەستێت**

**١١.** لە بەرژەوەندیی ئەمریکادایە کە ناوچەی کەنداو لە بارێکی ناسەقامگیردا بژێت، چونکە ئەگەر سەقامگیریی بەدی هات، ئەو کاتە پێویست بە دەستتێوەردانی سەربازیی ئەمریکا ناکات، بۆیە ئەمریکا دەیەوێت ناوچەکە هەر لە بارودۆخێکی گرژیدا بمێنێتەوە، تاکو پاساوی بوونی لەو ناوچەیەدا هەبێت، ئەویش بە بەکارهێنانی ئەوەی پێی دەگوترێ بازرگانیی هەڕەشە و پاراستن، واتا دابینکردنی پاراستن لەبەرامبەر نەوتدا، هەروەها پتەوکردنی ئامانجەکانی کە بریتین لە (چارەسەرکردنی کورتهێنانی نەوتی، دابینکردنی جووڵەی بازرگانی و سەرمایە و ساغکردنەوەی کەلوپەل و کاڵا، کۆنتڕۆڵکردن لە ڕێی سیاسەتی نرخی نەوتەوە بۆ دەستکەوتنی نەوتی هەرزان، هەروەها کۆنتڕۆڵکردنی یەدەگی نەوتی دەوڵەتانی پیشەسازیی ڕۆژئاوا، لەوانەش ژاپۆن، گرتنەبەری بنکە سەربازییەکان تاکو بتوانێت لەو ڕێگەیەوە کۆنتڕۆڵی ناوچەکە بکات، کۆنتڕۆڵکردنی ڕێگەکانی زەمینی و دەریایی و ئاسمانی کە باشووری ئاسیا بە باشووری ئەوروپا دەبەستێتەوە بە ڕێگەی (زەریای هیندی، دەریای ئەلعەرەب، دەریای سوورو دەریای سپی ناوەڕاست).

**لە بەرژەوەندیی ئەمریکادایە کە ناوچەی کەنداو لە بارێکی ناسەقامگیردا بژێت، چونکە ئەگەر سەقامگیریی بەدی هات، ئەو کاتە پێویست بە دەستتێوەردانی سەربازیی ئەمریکا ناکات**

**١٢.** ئەمریکا سیاسەتی لێدانی پێشوەختەی گرتەبەر لە مامەڵەکردن لەگەڵ دوژمنی تازە(تیرۆر)دا و چاوەڕوانی نەکرد تا مەترسییەکان کەڵەکە دەبن، هەروەها پرەنسیبی بڵاوکردنەوەی دیموکراسیی لە ناوچەکەی گرتەبەر بەو ناوەی کە گرینگترین ئامرازی یارمەتیدەری سووککردنی سەرچاوەکانی تیرۆر و پاڵنەرەکانیەتی، ئەویش بە مەبەستی پاراستنی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی و زامنکردنی گەیشتنی نەوت بەو وڵاتە.

---

*** ڕاوێژکاری وزە لە ئاژانسی پاراستنی کوردستان**